# گەشتێک بۆ بیرەوەریستان

**بەشی دووەم : لە فرۆکەخانەی «بەکرەجۆ»وە بۆ پایتەختی زبڵ**

هەژێن
29.07.2007




لەگەڵ نیشتنەوەی فرۆکەکە، چەپڵەڕێزانی هاوگەشتەکان، پەلەپەل و هەڵپەی دابەزینی گەشتیارە کوردەکان، لەوە ناوئومێدیان کردم، کە تەنانەت کوردەکانی ئەوروپاش بیانەوێت لە ئەوروپا شتی نوێ و جوان فێربن و دەستبەرداری نەریتە ناشیرینە خێڵەکییەکانی کوردەواری ببن.

یەکەم بەرچاوکەوتنی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، درۆ و پاگەندەکانی کوردی دۆ نەدویم لەمەڕ فرۆکەخانەکە بۆ دەرکەوت، ئاخر بە بەراورد لەگەڵ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی وڵاتانی هەژار و دواکەتوو، فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی نەك ناکرێت، بە فرۆکەخانەی نێوخۆیی بیچوێنین، بەڵکو تەنیا دەکرێت بەخاڵی هاتووچۆ و پشکنینی نێوان دوو وڵات دابنرێت.

وەك لە ئەوروپا ڕاهاتووین، چاوەڕێی دەستوبرد و پێشوازییەکی ئاسایی بووین. پیاوەکانی ئەمن*، وەك ئاسایشەکانی سەردەمی بەعس کەوتنە سوڕانەوە و مۆڕخواردنەوە بەناو گەشتیارانی سەرەگرتوودا. لەوە دەچوو بیانەوێت کەسێك شتێك بڵێت یا دەیانەویست خەڵکی چاوترسێن بکەن. هەرزوو کەوتنە سەرەبڕی بۆ کەسانێکی سەربەدەسەڵات کە یا لە ئەوروپا یا لە گەشتی ئەورووپاوە گەڕابوونەوە. لە چاوی زۆرێك لە گەشتیارەکاندا، تورەییەکی بێ سنوورم بەدی دەکرد. لە نیگاکانیاندا دەیان توانج و پرسیاریان ئارستە دەکردم. بۆ من و زۆرێك، مۆڕخواردنەوەی ئەمنە سەوزەکان، نائاشنا نەبوو، جاران بەعسییەکان لە خاڵی پشکنین و پالامارەکاندا ئەم رافتارانەیان وەك دنەدەرێك بۆ دەرخستنی نەیارانیان بەکار دەبرد. ئەمانیش هەم بۆ چاوترسێنی خەڵکانێك دەمێکە لە کەشی تۆقاندن و داپلۆساندن دوورکەوتوونەتەوە، هەم بۆ

بەدەنگهێنانی نارازییانان. خێرا خێرا کەسگەلێك کە سەربەخۆیان بوون دەیانووت، کاك فلانە کەس چۆنی یا دەیانپرسی کاك فلانەکەس لێرە نییە؟

چوونەژوورەوەی گەشتیاران لە سێ خاڵەوە بوو: یەکەم بۆ بیانییەکان، دووەم و سێیەم بۆ کوردستانیان - خۆیان واتەنی- (عیراقییان). گەشتەکەی مە تەنیا 140 کەس بووین، بەڵام لەبەر ڕاگرتن و سەرەبڕی و پرسیاری بێ واتا، لە خۆمان بێزار بووبووین. بەهیچ شێوەیەك پەککەوتە و مناڵدار لەبەرچاو نەدەگیران، تەنیا سەربەدەسەڵاتبوون و لێپرساوبوون کارتی جۆکەری سەرەبڕی بوون.

پاش ماوەیەکی زیاتر لە (30) سی خولەك نۆرەی من هات، دوای بەیانی باش لێکردن، پاسپۆرتەکەم دایە دەستی خاتوونێك. پاش ژماردنی لاپەڕەکانی پاسپۆرتەکەم، لێی پرسیم لە کوێوە هاتووی؟ بێ واتاترین پرسیار! ئاخر هەفتەی یەك گەشت دێت، ئەویش لە «میونیخ»ی «ئاڵمان»ەوە، ئیتر پرسینی ئەمە، بێجگە لە گەوجییەتی کارمەندەکە چیتر دەگەیێنێت؟

وتم ئاڵمان. وێبکامێرایەکی دانابوو و وتی سەیری کامێراکە بکە. خێرا ترسم لێنیشت، بە خۆمم وت داوای پارەی وێنە گرتنەکەم لێ نەکات، بەم گیرفان بەتاڵییەوە چی وەڵام بدەمەوە، کێ باوەڕ بە کەسێك دەکات لە ئەوروپاوە بێتەوە و پارەی پێ نەبێت، کێ لەوە دەگات، کە من بوون و نەبوونم لە جانتاکەمدا ڕۆیشت. بە پرسیارێکی تر دایچڵەکاندم "چەند لێرە دەمێنیتەوە"، هەرچەندە پرسیارەکەی ناڕۆشن و نابەجێ بوو، بەلام زوو تێگەیشتم و وتم هێشتا بڕیارم نەداوە. وتی لەبیرت نەچێت لە ماوەی دە ڕۆژدا سەردانی پاسپۆرت و مانەوە بکە. بە سوپاسەوە جێمهێشت و چوار میتر پاش وی خاتوونێکی تر لەسەر ڕێگەکە ڕاوەستابوو و داوای پاسپۆرتی لێکردم و منیش دامە دەستی و دیسانەوە ئەویش پەرەکانی ژماردەوە و وتی بەخێر بێیتەوە. لەویش تێپەڕیم و بەخۆشییەوە بۆ دۆزینەوەی پێشوازیکەرانم بەناو خەڵکەکەدا چاوم گێڕا. بەڵام کەسیانم نەدیت. لەوێ تێپەڕیم و چوومەدەر، هەر کەس نەبوو و دیتم مینی باسێك و ترۆمبێلێکی بارهەڵگری گچکە وەستاون، منیش سەرکەوتمە ناو مینی باسەکە و ئاوڕێکم لە ترانزێت دایەوە، وێنەیەکی «جەلال تاڵەبانی» لە چەشنی وێنەکانی «سەدام حوسەین» لە نووسینگەی فرۆکەخانە هەڵواسرابوو، بە گەورەییش نووسرابوو "فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی". وێنەکە و ناوەکە، لەو ساتەدا تەنیا ڕیکلامی سپێناخەکەی «پاپای» وەبیرهێنامەوە.

مینی باسەکە ماوەیەك ڕۆیشت و پاش کەمێك ڕاوەستا، پێشوازیکەران لە سەر شەقامی سەرەکی فرۆکەخانە – دروستر بڵێم، لە دەشتەکەی بەکرەجۆ- وەستابوون، هەرکەسە و کەوتە جانتا داگرتن و ماوەیەك چاوەڕێی تاکسیمان کرد. لەبەر ئەوەی کە ڕێگری لە هاتنە ژوورەوەی تاکسییە ناخۆییەکان (ناسەوزەکان) دەکەن، تاکسی دەست ناکەوێت. لە تاوا چاوەڕوانیگەران بۆڵەبۆڵیان بوو " بۆچ ئەوەی لە خۆیان بێت و لێپرساو بێت یا کەسێك بناسێت، بۆی هەیە بچێتە ناوەوە و ئەوەشی لە خۆیان نەبێت، دەبێت لەسەر ئەم شەقامە چۆڵە و لەم دەشتەدا بوەستێت؟"، بەراستی لەو چۆڵاییەدا وەستان جێی مەترسییە، بۆی هەیە گەلەگورگ پەلامارت بدات، یا ئەوەی باندێکی سەربەدەسەڵات بتفرێنێت و کەسیش ناتوانێت ڕێیان لێ بگرێت.

ناچار بە پیادە کەوتینەڕێ، سەد میترێك ئەولاتر ترۆمبێلێك وەستا و فەرمووی لێکردین. شۆفێرەکە دابەزی و وتی بۆ کوێ دەچن، فەرموون سەرکەون. شۆفێرەکە بە دوای کەسێکی خۆیدا هاتبوو و ئێمەی تا سەهۆڵەکە گەیاند و لەوێوە پەیداکردنی تاکسی ئاسان بوو. ماڵی ئاوا، کەمێك نائومێدیم ڕەوییەوە. ئاخر کاتێك کە دیتم تەنیا کەسوکاری لێپرسراوان و دەوڵەتمەندان دەتوانن بچنە شوێنی تایبەتی چاوەڕوانیکردن، بە تەواوی لە کۆمەك لە کەسێکەوە بەو نیوەشەوە درەنگە و لەو دەشتە چۆڵەی بەکرەجۆدا، نائومێد بووم.



چەند ساڵ بوو، کوردستانم نە دیتبوو و لە دەمی ئەم و ئەوەوە زۆرم لەمەر مۆدێرنایزەکردنی شار حەیاتەکە و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و ئەوروپاکردنی کوردستانم بیستبوو. بەلام ئەوەی دیتم تووشی داچڵەکان و وڕبوونی کردم، ئەوەی دیتم، وێرانەیی سلێمانی بوو لەو دەمەو بەیانەدا. تاریکایی باڵی بەسەر زۆر بەشی شاردا کێشابوو، گڵۆپی ماڵە دەوڵەتمەندان لێرە و لەوێ، ڕۆژانی پێشمەرگایەتی وەبیر هێنامەوە، کاتێك کە شەوان چرای گوندەکان لە دەشتی شارەزووردا لە دوورەوە دەدرەوشانەوە. شار ڕەنگی هەتیوی لێنیشتبوو. لەو کاتەدا قسەیەك باو بوو "ئەمشەو شەوی سە و پێشمەرگەیە". بەڕاستی دیمەنی سلێمانی لەو نیوەشەوەدا، کە زۆربەی شار تاریکستان و تاك و تەرا بالاخانە و کۆشکی فیرعەونەکان، چراخان بوو، لەو چۆڵاییەی سەرشەقامەکەی فرۆکەخانەوە، دەکرا بڵێی ئەمشەو شەوی گورگ و سەرمایەدارانە!

هەر لە دەرگەوە تا ناوەندی شار، تابلۆی گەورە و وێنەی مۆبایل بە زمانی تورکی و ئینگلیزی و فارسی و کوردییەکی بێ سەرەوبەرە، چ لە «کەرکووک»ەوە بێیت و چ لە «عەربەت»ەوە، دەچەقنە چاوت. شار لە مەزاتخانەیەکی گەورە دەچێ و دانیشتوانی لە کڕیارانی ئەو بازارە. پەرتووکخانە و پەرتووکفرۆشیی سەرشەقامەکان بێناز کەوتوون و بازاری مۆبایل و میکیاژفرۆشەکان جمەی دێ و شۆستەکانیان لە ڕێبواران داگیرکردووە. قیر و نیشانەکانی هاتووچۆ لە شەقامەکاندا وەك بیرەوەرییەکی سەدەی پێشوویان لێهاتووە. بوونی چەکداری بێ ئەژمار، وێنای بارێکی نائاسایی بە شار بەخشیوە.

دوو شت، لە کوردستاندا چاوترسێنت دەکەن، یەکەم مورەی پۆلیس و ئەمنەکانی دەسەڵات، دووەم نرخی شتومەك بەگشتی. هەموو کون و قوژبنێك ئەمنێکی بە مووچە یا بێ مووچە، چاودێری خەڵك دەکات. چاودێری کەسانی رامیار و نارازی نەك چاودێری میت و ئیتلاعات و کۆنەبەعسی.

چونکە ئەوانە لە ترومبێلی شووشە تاریك و بە پاسەوانی تایبەتەوە لەمسەر تا ئەوسەری کوردستان ئازادانە تەی دەکەن و کەس ناوێرێت پێیان بڵێت بەری چاوتان کلی پێوەیە!



کۆمپانیایەکی ئێرانی لەنێوان عەربەت و سلێمانی

بە تێگەیشتنی جاران بۆ شار، ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا و شەقامی خاوێن، جیاکەرەوەی شارن لە لادێ. هەرچەندە لە ئەوروپا بەهرەمەندبوون لە خزمەتگوزاری و دارابوونی ئاو و ئاوەڕۆ و شەقامی قیرتا و شارەوانی، گوندی بە شار گەیاندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاکە بە چوار ڕەگەزەکەی شارستانی دادەنرێن. ئەگەر گەشتیارێکی بێلایەن سەردانی کوردستان بە گشتی و سلێمانی وەك شارێکی پێشکەوتووی جاران بکات، ئەوا لە سەراپای شاردا، ئەگەر گەڕەکی فیرگەونەکانی لێدەرکەی، ئەو چوار ڕەگەزەی بەیەکەوە و هاوکات بە ئەستەم بۆ پەیدا دەبن!

هەر لەگەڵ دەنگەدەنگی گەرەك، کەوتمە خۆم و چوومە ناوبازار. چەند میترێك لەماڵ دوور نەکەوتبوومەوە، قوڕ و لیتەی کۆڵان پانۆڵەکەی سواق دام. ماڵی خۆمان، کە هەر لەگەڵ گەیشتنم، باسی دوو ڕۆژ جارێك نۆرە ئاویان بۆکردم، ئەویش ئەگەر گرفت نەیێتە ڕێ. نۆرە ئاو، یادگاری ڕۆژانی لادێ بوو، کە لەدەم باخەوان و وەرزێڕەکانەوە بیستبووم، کەچی براکەم لە ئەپریلی 2007دا شەونخوونی دەکێشا، نەکا شەو کاتژێر دوو ئاو بێتەوە و ئەمان ئاگایان لێ نەبێت.

لە براکەمم پرسی، ئەدی بۆ ماڵە دراوسێکەتان ئاوی هەیە، وتی "ئەوان دەوڵەتمەندن و کارەبایان هەیە و بە مۆتۆر ئاوەکە دەکێشن و کە تانکییەکانیشیان پڕ دەبن، نایگرنەوە و ئیتر بەو جۆرە ئێمە ئاوبراو دەکەن". لێم پرسی ئەی بۆچ پێیان ناڵێن یا شارەوانی ئاگادار ناکەنەوە؟ لە وەڵامدا وتی " تۆ هێشتا خەیاڵی ئەوروپا بەری نەداوی، برام. لەم ڕۆژەدا کێ دەوێرێت شتی وا بەکەس بڵێت یا بچێتە لای شارەوانی، بۆی هەیە بە تیرۆریست بتدەن بەگرتن یا خودی شارەوانی بتکەنە گاڵتەجاری خۆیان. ئەوەی دەوڵەتمەند بێت، دەسیشی دەڕوات و تەلەفۆنێك بەسە بۆ ئەوەی شەو بکوتنە سەرت و لە زیندانە شاراوەکاندا بێ سەروشوێنت بکەن".

ئەم قسانە ڕۆژانێکیان بەبیرهێنامەوە، کە شەوانە لە ترساندا لە ماڵی خۆمان نەدەخەوتین، موچرکێك بە جەستەمدا هات. ڕەشەبا هەڵیکرد، تەپوتۆز و کیسەی نایلۆن ئاسمانیان تەنی، لە چەند میترێکەوە توانای دیتنی خانووەکانی دەوروبەرم نەبوو، ئەو وێنایانەی هێنایەوە بەرچاوم،

کە ڕزگاربووانی ئەنفالەکان لە بیابانەکان دەیانگێڕانەوە. دەتوانم بڵێم شار نەما و کەوتینە بیابان یا جیهانێکی خۆڵاوی.




دیاردەیەکی هەمەلاگیر، دیاردەی ڕوخاندنی خانووە کۆنەکانە و جێگرتنەوەیان بە خانووی چەند نهۆم. لەوانەیە کەسانێك هەبن، بەمە دڵخۆش بن و سیمای پێشکەوتنیان تێدا ببینن، بەلام بەلای منەوە قوتبوونەوەی ئەو بالاخانە بێ نەخشانە، وێنای پرچێکی خراپ تاشراو بە شار دەدەن. قوتبوونەوەی دوو بالاخانە لەملاو لەولای خانوویەکی یەک نهۆمدا، بێجگە لە ناشیرینی و تێکدانی سیمای گەڕەك، دەبێتە هۆی بەرگرتنی خۆر و تەنانەت دیتنی ئاسمان و ئەستێرە لە کەسانی تر. ئەمە بێجگە لەوەی لە سەدا نەوەدی ئەو خانووە تازانە، باخچە و دار و درختیان تێدا نییە و ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدان و پیسبوونی کەش و هەوا.

پاش شازدە ساڵ وەدەرنانی هێزەکانی ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا و پاش چوارساڵ لە رووخانی ئەو ڕژێمە هێشتاکە نیشانە و سیمبولەکانی هەر زیندوون و لە ئارادان. پرسیارێك کە لەگەڵ دیتنی هەر ئەستێرەیەکی هەشت پاڵوودا دەچەقێتە چاوت، ئەمەیە: ڕۆشنبیرانی مە لە کوێدا پرخەی خەویان دێ و ڕەوتی ڕۆشنبیریمان لە کوێدا چەقیوە؟ ڕۆشنبیرێك هێشتاکە ئەستێرە هەشت پاڵووەکانی بەعس جوانی بە شارەکەی ببەخشێت و چێژی لێوەرگرێت. دەبێت خەریکی چ کایەیەك بێت، ئاوا نەیپەرژێتە سەر ئاسەوارسڕینەوەی «بەعسیزم» لە کۆمەڵگەدا و ڕەنگکردنەوەی ئەستێرە هەشت پاڵووەکان لەو وڕبوونە داینەچڵەکێنێت، دەبێت چاوەڕوانی چیمان لێی هەبێت، داهێنان یا سواقدانەوەی دوێنێ و ڕازیکردنی دڵی دەسەلات؟

پرسیارێك کە بە ئامادەبوونی ئەستێرەی هەشت پاڵوو پاش شازدە ساڵ ڕاپەڕین و وەدەرنانی بەعس لە کوردستاندا، لەلام گەلاڵە بوو، ئەوەیە: بوونی ئەستێرەی هەشت پاڵوو وەك سیمبولی بەعس و عروبە لەنێو ئالای کوردستان، لەبەردەم مەڵبەندی یەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەچواردەوری فەرمانگەی پاسۆورت و مانەوە، لە چوارچێوەی وێنەی «گیانبەختکردوو»ەکاندا**، لە ناوەندی شەقامەکاندا، لەبەردەم قوتابخانەی حەمدی و ناوجەرگەی سلێمانیدا، چۆنە نەتەوەچییە ئالاپەرستەکان، لاوە پیاسەکەرەکان، ئەمنە کوردستانپارێزەکان، ڕۆشنبیر و فەیلەسوفەکانمانی بەئاگا نەهێناوە؟ تۆ بڵێی نەیان دیتبێت یا نەزانن سیمبولی چییە یا لە

بیریان نەمابێت، کێ لەوێدا دایڕشتوون؟ من پێم وانییە نەیاندیتبێت یا نەیناسن، بەڵکو ئەوە کەم گرنگبوونی پرسەکەیە وایان لێدەکات، چێژ و جوانی لە لەوێدابوونی سیمبولەکانی بەعس لە شارەکەیاندا لە دەرگە و پرسگەی شارەکەیاندا، لە چوارچێوەی گیانبەختکردووەکەیاندا ببینن و ئەمەش بۆ پشتێنەی هەلپەرستی ڕۆشنبیرەکان دەگەڕێتەوە، کە لەوێدا بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی کۆیلەتی بایەخ پەیدا ناکەن.




ئەستێرەی هەشت پاڵوو، کە سیمبولی عەرەبی و دواتریش ئیسلامییە و بەعس وەك ئامادەیی خۆی لە ژیان و لە شارەکانی کوردستاندا لە تەواوی شوێنە گشتییەکاندا گوڵدانی کۆنکرێتی شەش پاڵوی یەکسانی دانابوو، کە لە هەر چوارلاوە ئەستێرەی هەشت پاڵوی لێ هەڵکۆڵرابوو. لەم سەردانەمدا، لە سەراپای هەولێر و کەرکووك و سلێمانی، ئەم سیمبولانە هەر مابوون و بەڵکو ڕەنگی ئەستێرەکانیش تازە کرابووەوە. لە کەرکووك سەوز کرابوون، لە هەولێر و سلێمانی زەرد کرابوون و ڕەنگی سەوز و سووریش وەك ئالآی کوردستان لە سەروو خواریانەوە کێشرابوو. تەنیا جیاوازییەك لە نێوان هەولێر و کەرکووك و سلێمانیدا لەوەدا بوو، کە لە سلێمانی لەبەردەم کۆمیتە و مەڵبەند و بەڕێوەبەرایەتییە میرییەکاندا دانرابوون.

بەعس بۆ ئامادەبوونی، سیمبولەکانی کردە گوڵدان، دەسەلاتی کوردیش بۆ پاراستنی خۆی لە جەماوەر، سیمبولەکانی بەعسی کردە شورەی خۆمەڵاسدان – سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو سیمبولانە لەبەردەم مەڵبەندی (ینك) و (بەڕیوەبەرایەتی پاسپۆرت و مانەوە) ڕادەکێشم- ڕۆشنبیری کورد – ئەگەر نادروستم نەوتبێت- هەر خەریکی زەوی و خانەنشینی وەرگرتنە، هەر خەریکی ڕاکێشانی سۆزی دەسەلاتە، ئیتر سڕینەوەی ئاسەوارەکانی بەعس و دواکەوتووی ئەرك و خەمی وی نین. ڕۆشنبیری کورد هەروەك چۆن واژەی جۆراوجۆری عەرەبی بە هەڵە لە زۆر شویندا بەکاردەبەن و تەنیا مەبەستیان خۆ جیاکردنەوەیە لە خەڵکی ئاسایی و بۆیان گرنگ نییە، ئەم بە هەڵە بەکاربردنە چەند زمانی کوردی و بیری خوێنەر و بینەری کورد دەشێوێنێ. هەرواش مانەوەی ئاسەوارەکانی بەعس هیچ گرفتێکی دەروونی و شارستانییان بۆ دروست ناکات!

دەسەلات بۆ ئەوەی روانگەی تاك بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی خۆی وەرگێڕێت، گیان بە بیری خێڵەکی و ناوچەگەرێتی تاکی کوردا دەکەن و هزری نەوەی ئەم سەردەمەیان پێ ژەهراوی دەکات. ئەوەتا لە بەرامبەر پایتەختبوونی هەولێردا دەسەلات بۆ ئاراستەگۆڕینی ناڕەزایەتی

تاكی شاری سلێمانی، بیرۆكەی پایتەختی ڕۆشنبیری قوتدەكاتەوە. بەلام ئەوەی من لەو گەشتەدا دیتم ئەوەیە، كە بەرێوەبەرایەتی ئەو دەڤەرە وەك كارتی فشار بۆ سەر پارتەكەی بەرامبەری، كە ئەڕۆكە زۆرینەی پۆستە گرنگەكانی دەسەڵاتداریێتی هەرێمی كوردستانی بەدەستەوەیەن، سلێمانی لە شارەوە كردووە بە مەزادخانەیەكی گەورە، لە مەڵبەندی ڕۆشنبیرییەوە كردوویەتی بە پایتەختی گەندەڵی و زبڵ. نموونەش بۆ گەرانەوەی شار بەرەو گوندێكی ڕۆژهەلاتی، « باخی گشتی»یە، كە یاریگەكەی بە هیچ ستانداردێك تەنانەت هی بەعسییەكانیش بۆ شوێنی یاری و سەرگەرمی منالان دەست نادات، چونكە مەرجەكانی خلیسكانی و حەیلانكێ و هەڵبەزودابەزی تێدا نییە. هەر منالێك لەوێدا بكەوێت، ئەگەر مێشكی نەپلیشێت، ئەوا بە دلنیاییەوە شوێنێكی دەشكێت.





هەرەها كارگەرەكانی شارەوانی تێیدا لەبری مەقاش و گسك و باڵەی گونجاو، گسكی چێكراو لە گەلا و لكوپۆپی درختەكانی بەكار دەبەن و لەبری باڵە بۆ هەڵگرتنی زبڵەكە دەستە خاوسەكانی خۆیان بەكار دەبەن. هیچ مەرجێكی تەندروستی و پاراستنی جەستەیی بۆ كارگەرانی شارەوانی (خاوێنكەرەوەی باخچەكان) لە ئارادا نییە. ئەو چەند ڕۆژەی كە لە سلێمانی بووم، جلوبەرگ و



كەرەستەی كارگەرەكان، ڕدێنی سپی هەندێكیان و نەوجەوانی هەندێكی تریان بەبەراورد بەو كارەی دەیكەن و ڕیوشوێنی كۆمەلایەتییان، ویژدان تەزێنە، بۆ كەسانێك كە گەندەڵی ویژدان و پێنووسەكەی لێ زەوت نەكردوون. گەر كامێرایەكی شاراوە چەند دیمەنێكی كاركردنی ئەو كارگەرانە بۆ كانالە ئەوروپییەكان بگوێزێتەوە، ئەوا سەرۆككۆمارە دیموكراتەكەمان وەك نەعامە ناچار دەبێت، سەری بەناوگەلێدا بكات. ولاتێك كە ئاساییشی كار و مانەوە و هاتووچۆی تێدا نەبێت، ئاساییترین شتێك تێیدا ڕوپۆشكردنی دیكتاتۆرییەتە بە دیموكراسییەت!

ئەمڕۆ پرسی ژینگەپارێزی لە سەرتاسەی دونیادا، بووەتە بەشێك لە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری. سەوزایی و پاكڕاگرتنی شوێنە گشتییەكان، نیشانەیەكە بۆ پێشوازی لە گەشتیار و میوانانی

بیانی، بەتایبەت لە شار یا لە هەرشوێنێك كە پاگەندەی پایتەخبوون و سیمبولبوونی بۆ ڕۆشنبیری بۆ بكرێت. ئاخر ناونان لە شوێنێك بە دێرین یا ڕۆشنبیریی یا هونەری یا رامیاری یا مرۆڤدۆستی، پێوسیتە ئەو شوێنە بەراستی ڕەگەزەكانی ئەو ناونانەی تێدابێت و ئەو شوناسە لە كار و چالاكی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵكەكەیدا ڕەنگ بداتەوە. بەداخەوە، بەداخەوە كە ئێمە نە خاوەنی شوێنێكی گەشتیاری، نەك خاوەنی شوێنێكی دێرینی پارێزراو، نەك خاوەنی تایبەتمەندییەكی خۆمانین. هیچ هاوینە هەوارێكمان نییە، كە ستاندارێك پەسەندی بكات، ئێمە شتەكانمان بێستوون بەلام نایانناسین. بروانن یاریگەی منالان لە ناوجەرگەی سلێمانی و باخی


یاریگەی باخی گشتی





گشتی كە بەباخی ڕۆشنبیران ناسراوە. ئەوەی كە لای من پرسیارە نادەربەستی بەناو ڕۆشنبیرەكانن، كە لە ستدیۆی كاناڵە ئاسمانییەكاندا دەم لە فیلۆسۆفی دەكوتن و كەچی ڕۆشنبیرییەكەیان ئەو سەرنجەی لا دروست نەكردوون، كە ئەو شوێنە و یارییەكانی تەنانەت بۆ سەربازگە و شوێنی ڕاهێنانی سەربازانی تایبەتیش دەست نادەن!

لەبری پاراستنی خانووە كۆنەكانی شار، كە یاداوەری و لە پاشینەی ئەم شارەن، كراونەتە زبڵخانە و چڵكاوی كەنار شەقامەكان مەگەر لە كۆلانەكانی كەلكەتەی «هیندوستان»دا پەیدا ببن. ئەمە ئەگەر ئامرازێك نەبێت بۆ بەلاڕێدابردنی خواستەكانی دانیشتوانی ئەم شارە، دەبێت چی بێت.

نموونەیەكی تر، «پاركی ئازادی»یە، ئەو پاركەی كە سەروبنی زمانی دەسەلاتداران و پیاوەكانییەتی، پێش هەموو شت هەڵبژاردنی ئەو شوێنە ئامانجێكی سیاسی لە پشتە، ئەویش سڕینەوەی ئاسەواری خانووە بێتاپۆكان و خەباتی ئاوارەكان، كە «بەكر عەلی» لەپێناو سەرخەوێكی ئاسوودەیاندا، گیانی بەشی و بەدەستی جەلادەكانی شار بەڕۆژی نیوەڕۆ لەڕیزی پێشەوەی بێسەرپەنایاندا خەڵتانی خوێنیان كرد.
هەروەها لەلایەنی هونەری و گرنگیدان بە پاركەكە، دەتوانین نێوی پاركی بیابانی لێ بنێین، گۆماوەكەی و زبڵ و سەرەمێكوتەكانی ناوی، گۆمەكانی شارەزوور و چڵكاوەكانی حەویجە وەبیری سەردانیكەرانی دێننەوە. بەلام ئەوەمان لەبیر نەچێت، گەر ئەو بەشەی كە بۆ یاری و سەرگەرمی بەمەبستی پارەپەیداكردن تەرخانكراوە، لێدەركەین.

بە كورتی ئەگەر پارەت هەبێت، هەم ئاو و كارەبات هەیە، هەم ئاوەڕۆ و قیرتاوت لە خزمەتدا دەبن، یا ئەگەر لێپرسراوێك هاوگەڕەك و دراوسێت بێت، ئەوا گەڕەك چراخان و خوڕەی ئاوی بۆرییەكان دێی و پاركۆكە و یاریگەی منالانیش دەبنە هاوگەڕەك.

ئەمانە چەند دیمەنێك بوون لە پایتەختی ڕۆشنبیری كە من بەرچاوی خۆم و كامێراكەم كەوتن. بەداخەوە سلێمانی لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا فرەتر سیمای شاری پێوە دیاربوو تا ئەڕۆكە. سلێمانی كە بە شارێكی فرە كارێز ناسراوە، كەچی ئەوڕۆكە لەبەر لێدانی چاڵەئاوی زۆر قوڵ بۆ ماڵە لێپسراو و دەوڵەتمەندان، هەم كارێزەكان كوێر بوونەتەوە و هەم زۆرینەی شار بەدەست بێ ئاوییەوە دەناڵێنێ. سلێمانی كە لەچاو دەهەی نەوەد گەورە بووە و خەلكێكی فرەتر ڕووی تێكردووە، كەچی نە ڕێگاوبانەكانی دەستكاری كراون، نە بیر لە دابینكاری ئاو و كارەبا و خزمەتگوزاری فرەتر كراوەتەوە. سلێمانی ئەگەرچی سەردەمانێك مەڵبەندی ڕۆشنبیری و پێشكەوتن بووە، كەچی ئەوڕۆكە ڕۆشنبیرانی، پارت خەساندوونی و نەك ئاوڕ لە وێرانەیی شار نادەنەوە، بەڵكو ئەستێرە هەشتپاڵووەكانی بەعس لەبەردەم بارەگاكانی دەسەلاتی بۆرژوازی كورددا نابینن و بۆیاخكردنەوەیان لەلایەن ئەم دەسەلاتەوە، پرسیاری لا دروست نەكردوون؟



<u>پەراوێز:</u>

* بەداخەوە زۆرێك لە نووسەران وشەی ئاسایش، زۆر جیاواز لە وشەی « امن» كە بە پیاوەكانی ڕژێمی بەعس دەوترا، بەكار دەبەن. بۆیە منیش بۆ هاوتاكردنەوەی ئەم دوو وشەیە، ناچار «ئاسایش» لە بری «امن» و «امن» لەبری «ئاسایش» بەكار دەبەم. لەبەر ئەوەی كە یەك ناون بۆ یەك دەزگەی داپلۆسێنەر، بە دوو زمانی جیاواز بەكار دەبرێن و خزمەت بە سیستەمی رامیاری، ئابوری، كۆمەڵایەتی چینایەتی بۆرژواكان دەكەن.

** «گیانبەختكردوو» شوناسی كەسانێكە كە گیانی خۆیان لەپێناو ئامانجە دونیاییەكان و بەرژەوەندی گروپە مرۆییەكاندا دەبەخشن، بە پێچەوانەی« شهید» كە شوناسە بۆ كەسانێك لە پێناو بەدەستهێنانی بەهەشت وەك ویستێكی خۆیی و بەرژەوەندی تاكەكەسی خۆیان، خۆیانی بۆ دەكەنە قوربانی. بە بڕوای من بەكاربردنی « شهید» بۆ كەسانێك كە دوور لەبەرژەوەندی كەسی خۆیان لەپێناو چین و گەل و نیشتمان یا لە پێناو مرۆڤایەتی و ئامانجێكدا خۆیان بەختكردووە، بێجگە لە سوكایەتیكردن پێیان و كەمكردنەوەی مرۆڤایەتییان چیدیكە ناگەیێنێت و شتێكی ناڕەواشە كەسێكی مرۆڤپەروەر و خۆبەخش بخەیتە بەرگی كەسێكی خۆپەرستی خەیاڵ(خودا)پەرستەوە.